## لە پرێس کۆنفراسێکدا

## ژیلوان حەمەد:

# دڵم خۆشە کە لە خولی بۆندس لیگ یاری دەکەم





لە شاری هەولێر لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری پرێس کۆنفراسێك بۆ یاریزانی پیشەگەری کوردی وڵاتی سوێد ژیلوان حەمەد یاریزانی یانەی هۆفینهایمی ئەڵمانی بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە دەزگاکانی راگەیاندن بەڕێوەچوو، لەسەرەتای پرێس کۆنفراسەکەش ژیلوان بۆ دەزگاکانی راگەیاندن گوتی «دەمەوێ لێرەوە سوپاسی هەموو ئەوانە بکەم کە هاوکاری منیان کردوە بۆیە ئەم پرێس کۆنفراسەشم کرد بە هۆی ماوەی کەمی کاتەکەم کە لە کوردستانم بۆ ماوەی ١٢ رۆژ لێرە دەبم و ماوەی یەك هەفتەیە لە شاری رانیە بوویمە بۆ سەردانی کردنی خزم و کەسان ژمارەیەکی زۆریش لە دەزگا راگەیاندنەکان تیلیان بۆکردومە، بۆیە گوتم با هەمووومان کۆببووینەوە، ساڵی ٢٠١٣ ساڵێکی باش بوو بۆمن بەهۆی ئەوەی وەکو بچووکترین کاپتنی تیپەکە لە یانەی مالمۆ توانیمان جامی ئەو وڵاتە بەرز بکەینەوە و لەگەڵ جامی کۆبیشمان بردەوە لە خولی سوێدی، بە دڵخۆشی یانەی مالمۆم جێهیشت و گرێبەستم لەگەڵ یانەی هۆفنهایمی ئەڵمانی مۆرکرد، ماوەی پێنج مانگە لەم یانەیە یاری دەکەم و هەست بەدڵ خۆشیەکی زۆر دەکەم کە لەریزی ئەم یانەیە یاری دەکەم، چونکە یانەیەکی گەورەیە و ناوێکی گەورەی هەیە، هەر چەندە بۆ هەموو یاریزانێك قورسە کاتێك دەچێتە یانەیەك دەبێ زمان و کەلتوری ئەم وڵاتە فێر ببێت، دوایش جیاوازێکی زۆری هەیە لە نێوان خولی ئەڵمانی و سوێدی، لە حەفت یاری ڕابردوو یاریزانی یەدگ بوویمە و لە حەفت یارییش یاریم کردوە بۆمن باشە وەکو سەرەتایەك، ئێستاش پشووی یانەکەمانە کە من هاتوومەتەوە لێرە پشوویەك بدەم و دەچمەوە وڵاتی سوێد بۆ درێژەدان بە مەشقەکانم دواتریش دەچمەوە وڵاتی ئەڵمانیا و درێژە بە تواناکانی خۆم بدەم بۆ ئەوەی بتوانم بە ئاست بەرزیەوە ئەمساڵ لە خولی بۆندس لیگ یاری بکەم و سەری خۆم و هەمووولایەك بەرز بکەمەوە، دواتریش دەرگا بە رووی رۆژنامەنووسان دیاری کرا بۆ ئەوەی پرسیارەکانیان ئاراستەی ژیلوان حەمەدی یاریزانی پیشەگەری کوردی وڵاتی سوێد بکەن و چەندین پرسیاری جۆراوجۆریان لەسەر ژیانی ئاراستە کرا، لە بارەی هەماهەنگی دروست کردن بۆ وەرزشی کوردستان هەروەکو بەڵێنی دابوو ناوبراو گوتی» من بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدام هەمانگی دروست بکەم بۆ وەرزشی کوردستان کە هەڵبژاردەی کوردستانیش هاتە وڵاتی سوێد بۆ جامی کۆنیفا من بە ئەوانم گوتوە کە هاوکاریتان دەکەم هەرکاتێك ئەوان پێویستیان بە من بێت من لە خزمەتی وەرزشی کوردستان دەبم، بەڵام تاکو ئێستا یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان بەفەرمی داوای لەمن نەکردوە بۆ ئەوەی هەماهەنگیان بۆدروست بکەم لەگەڵ وەرزشی سوێد و دەرەوەی سوێد، سەبارەت بە دروست کردنی فێرگەیەکی منداڵان لە یەکێك لە کەمپەکانی کوردانی رۆژئاوا وەکو یاریزانێکی پیشەگەری وڵاتانی جیهانی ناوبراو گوتی «من حەزم لێیە ئەم کارە بکەم، بەڵام تاکو ئێستا ئەم دەرەفەتەم بۆ نەڕەخساوە و هەر کەسێکیش حەزی لێیە ئەم کارە بکات من ئامادەم هاوکاری بکەم بۆ فێرگەی دروست کردنی یاریزانان و لە شاری رانیەش فێرگەیەك هەیە بەردەوام هاوکاریمان کردوە، لە داهاتووش بەردەوام دەبم لە هاوکاری کردنی لەبارەی بڕی گرێبەستەکەشی لەگەڵ یانەی هۆفینهایم ناوبراو گوتی» بڕی گرێبەستەکەم ٣ملیۆن یۆرۆیە، هەر چەندە چەندین یانە داوایان لێ کردووم بۆ ئەوەی یارییان بۆبکەم لەسەر ئاستی ئەوروپا و وڵاتانی عەرەبی و لە روسیاش بەڵام من خولی ئەڵمانیام پێباشتربوو ئێستاش هەموو بیرم لە وڵاتی ئەڵمانیا هەر چەندە لە یانە ئەڵمانیەکە جارێك یەدەگم بەڵام دەمەوێ بە ئاست بەرزی خۆم بتوانم ببمە یاریزانی سەرەکی ئەویش کاتی دەوێ ماوەی گرێبەستەکەشم بۆماوەی سێ ساڵ و نیوە، لە بارەی هەڵبژاردەی سوێدیش کە ئێستا لەم هەڵبژاردە ناوی نابینرێ گوتی» بەهۆی ئەوەی کە ماوەی پێنج مانگە چوومەتە خولی بۆندس لیگ لەویش یاریم کەم کردوە بۆیە ناوم تێ نەکراوە، بەڵام هەوڵ دەدەم بگەڕێمەوە هەڵبژاردەی سوێدیش هەر چەندە لەلایەن هەریەك لە هەڵبژاردەکانی سوێد و کازاخستان و عێراق داوای یاریم لێ کراوە بەڵام تاکو ئێستا بڕیاری کۆتاییم لەسەر چارەنووسی خۆم نەداوە و هەوڵیش دەدەم لە یەکێك لە باشترین هەڵبژاردەکان یاری بکەم.



# بروسیا دۆرتمۆند رەتیکردەوە مارکۆ ریۆس بەبەرشلۆنە فرۆشرابێت

یانەی بروسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی رەتیکردەوە ئەستێرەی یانەکەی مارکۆ ریۆس بگوازرێتەوە یانەی بەرشلۆنە.لەم بارەیەوە بەڕێوەبەری پەیوەندیەکانی یانەی دۆرتمۆند ساشا فلیجی لەلێدوانێکی بۆ ئاژانسی هەواڵی ئەڵمانی دووپاتی کردەوە کە هیچ گرێبەستێك لەئارادا نییە بۆ گواستنەوەی ریۆس لەماوەی گواستنەوەی هاوینە. هەر سەبارەت بەم پرسە مایکل زۆرك بەڕێوەبەری هونەری لەیانەی دۆرتمۆند بۆ رۆژنامەی دی ڤیلتی ئەڵمانی رەتیکردەوە گرێبەستی وا لەئارادابێت و هەموو ئەو دەنگۆیانەشی لەمبارەیەوە بەناڕاست دانا.هەروەها زۆرك روونیکردەوە یەکەمجار مارکۆس خۆشحاڵی خۆی دەربڕیوە و ئارەزوو دەکات لەدۆرتمۆند بمێنێتەوە بۆ وەرزی داهاتوو، دووەمیان ناکرێت بەرشلۆنە گرێبەستێکی وا پێشکەش بکات کە چاك بزانێ ئێمە دەست بەرداری ئەو یاریزانە نابین. شایەنی وتنە ئاژانسەکانی هەواڵی ئیسپانیا زۆر باس لەئارەزووی بەرشلۆنە دەکەن بۆ بەدەست هێنانی تواناکانی ئەو یاریزانە سەرەڕای ئەوە پێکانی هەیە کە بەهۆیەوە لەبەشداریکردنی جامی جیهانیش لە هەڵبژاردەی ئەڵمانیا دوورخراوەتەوە.






# سامی خزیرەو ئیسکۆ لەبەرامبەر دەست بەرداربوونی چێڵسی لە رامیریز

راپۆرتە هەواڵە وەرزشییەکان بڵاویانکردەوە کە یانەی ریال مەدرید لەئێستادا تاوتوێی پرسی دەست بەرداربوون لە هەردوو ئەستێرەی یانەکەی سامی خزیرە و ئیسکۆ دەکات لەبەرامبەر بەدەست هێنانی تواناکانی یاریزانی یانەی چێڵسی و هەڵبژاردەی بەرازیل رامیریز. ئەمەو رۆژنامەی ئاسی ئیسپانی بڵاویکردۆتەوە کە بەرێوەبەری هونەری یانەی چێڵسی جۆزیە مۆرینهۆ مەرجی دەست بەرداربوون لەو یاریزانەی ئاشکراکردوە کەبریتیە لەبەدەست هێنانی تواناکانی هەردوو یاریزان و برێك پارەش. هەروەها راپۆرتە هەواڵەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە کارلۆ ئەنشلۆتی راهێنەر هیوادەخوازێت رامیریز و فیراتی لەسەردەمی خۆیدا درێسی یانەی شاهانە بپۆشن، بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە ئەو دوو یانەیە بگەنە رێکەوتنێکی گونجاو.شایەنی وتنە جۆزی مۆرینهۆی پورتوگالی لەئێستادا گرنگیەگی تەواو دەدات لەبەدەست هێنانی تواناکانی یاریزانی پێشووی سامی خزیرە دەدات کە ببێتە یەکێك لە کۆڵەگەکانی یانەی بلوز .



# یانەی میلان فیلپۆ ئینزاگی بەفەرمی وەک راهێنەری یانەکە دەست نیشانکرد

یانەی ئەی سی میلانی ئیتالی بەفەرمی فیلپۆ ئینزاگی بەڕێوەبەری هونەریی تیپی لاوانی بە راهێنەری تیپی یەکەمی یانەکەی دەست نیشانکرد لە شوێنی کلارنس سیدۆرفی هۆڵەندی دوای ئەوەی ناوبراو ماوەی تەنیا شەش مانگە ئەرکی راهێنەرایەتی میلانی لەشوێنی ماسیملیانۆ ئەلیگری وەرگرت.ئەمەو یانەی میلان بەیاننامەیەکی فەرمی بڵاوکردەوە کە تیایدا هاتووە: سوپاس و ستایشی سیدۆرف دەکەین لەم ماوە کورتەی راهێنەری یانەکەبوو، لەئێستاشدا ئینزاگی وەك راهێنەری تیپی یەکەم ئەرکی راهێنانی تیپەکە دەگرێتە ئەستۆ بەپێی گرێبەستێك تا ساڵی ٢٠١٦. ئەمەو رۆژنامەی لاگازیتا دیللۆسپۆرت ئاماژەی بۆ ئەوەکردووە کە مووچەی مانگانەی ئینزاگی ٧٠٠ هەزار یۆرۆ دەبێت بۆ ماوەی ساڵێك. پێویستە بوترێت سیدۆرف لە کانونی دووەمی رابردوو ئەرکی راهێنەرایەتی یانەی میلانی وەرگرت لەشوێنی ئەلیگری کە تەنها توانی پێنج سەرکەوتن بۆ ئەو یانەیە بەدەست بهێنێت لەقۆناغی دووەم. هەرچەندە بەهاتنی سیدۆرف ئاستی یانەکە بەرەو باشی رۆیشت، بەڵام پەیوەندی نێوان سیدۆرف و کارگێڕی یانەکە گرژی تێکەوت بەهۆی دەستتێوەردان لەکاروباری هونەری، بۆیە رۆیشتی لەو تیپە کارێکی پێشبینی کراو بوو کەهێشتا ٢ ساڵی مابوو بەپێی گرێبەستەکەی کە تا ٢٠١٦ بوو. جێگەی باسە یانەی میلان دووچاری شکستێکی گەورە بوو لەوەرزی ئەمساڵ کە لە پلەی هەشتەم مایەوە و سەرنەکەوت بۆ پاڵاوتنی پاڵەوانیەتی ئەوروپا کە ئەمەش یەکەمجارە روودەدات لە دوای ساڵی ١٩٩٨.


# ١٠ گەورەترین یاریزانی بەشداربووی مۆندیالی ٢٠١٤

راپۆرت: رێبین رەمزی

**لەم مۆندیالە لەگەڵ دەستپێکردنی بەردەوام زانیاری وئاماری سەیر و سەمەری لێ بەدی دەکرێت، لە درێژدان بە ئامارەکان ئەم جارە باس لە گەورەترین ١٠ یاریزانی بەشداربووی مۆندیال دەکەین، کە بەم شێوەیە خوارەوەیە.**




دیگۆ فۆرلان ئەستێرەی هەڵبژاردەی ئۆرگوای، ئەم یاریزانە کاپتنی هەڵبژاردەکەیە و تەمەنی ٣٥ ساڵە و یەکێك لە باشترین یاریزانەکانی هەڵبژاردەی ئۆرگوای.




سیرجی ئیڤانیڤیتچ یاریزانی هێڵی بەرگریی هەڵبژاردەی رووسیا تەمەنی ٣٤ ساڵە و ٩٧ یاریی نێودەوڵەتی لەگەڵ رووسیا ئەنجامداوە، بەڵام ئەمە یەکەم جارە بەشداری لە جامی جیهانی دەکات.




کلاودیۆ براڤۆ گۆڵچی هەڵبژاردەی شیلی تەمەنی ٣١ ساڵە گەورەترین یاریزانی هەڵبژاردەی شیلی-یە و کاپتنی هەڵبژاردەکەیە.




زاڤی هێرناندێز یاریزانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا تەمەنی ٣٤ ساڵە و خاوەن ئەزموونێكی زۆرە ئەمە چوارەم جارە بەشداری لە جامی جیهانی دەكات.




خۆلیۆ سیزار گۆڵچی هەڵبژاردەی بەرازیل تەمەن ٣٤ ساڵ گەورەترین یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیلە و خاوەن ئەزموونێكی زۆرە، ئەمە سێیەم جارە بەشداری لە جامی جیهانی دەكات.




جواد نیكۆنام یاریزانی هەڵبژاردەی ئێران تەمەن ٣٣ ساڵ گەورەترین یاریزانی هەڵبژاردەی ئێران، لەگەڵ هەڵبژاردەكەی ١٣٧ یاریی نێودەوڵەتی ئەنجام داوە و یەكەم یاریی نێودەوڵەتی لە ساڵی ٢٠٠٠ بوو.




نوێل ڤالدیرێس گۆڵچی هەڵبژاردەی هندۆراس تەمەن ٣٧ ساڵە و گەورەترین یاریزانی هەڵبژاردەی هندۆراسە لە مۆندیال.




جۆرجیۆس كاراگۆنێس یاریزانی هەڵبژاردەی یۆنان تەمەن ٣٧ ساڵە و گەورەترین یاریزانی هەڵبژاردەی یۆنانە لە جامی جیهانی.




لە هەڵبژاردەی پورتوگال چەندین یاریزان یاری دەكەن كە تەمەنیان لەسەرووی ٣٠ ساڵە، بەڵام گەورەترین یاریزانی هەڵبژاردەكە ریكاردۆ كۆستایە كە تەمەنی ٣٣ ساڵە.




دیمیكلیس یاریزانی هێڵی بەرگریی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین تەمەن ٣٣ ساڵ گەورەترین یاریزانی هەڵبژاردەی ئەرژەنتینە لە جامی جیهانی.